

د. فوئاد مەعسوم بۆ لڤین

# ئەمریکا لە چوارچێوەی عێراقدا نەبێت سەیری کێشەی کورد ناکات

دیداری ئیبراهیم ئیسماعیل

بەغدا

**● گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ئێستای عێراقدا بەگشتی خێران و پرۆسەی سیاسیی عێراقیش پرۆسەیەکی جێگیرنییە، زۆرێك لەوبارودۆخەی ئەمڕۆی عێراق و پەیوەندیەکانی عێراق بە هەریەك لە ئەمریکا و ئێران و سوریا و وڵاتانی عەرەبییەوە بە جۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندن بە بارودۆخی کوردستانەوە، هاوکات داهاتووی هاوپەیمانێتی و ناکۆکی لایەنی کوردی لە بەغدا لەگەڵ لایەنە شیعی و سوننیەکان بابەتێکە کە ئەمڕۆ پرسێکی هەنووکەیی جێدەهێڵێت لای چاودێرانی سیاسیی و ئایندەی چارەنووسی کوردو ئەگەرەکان، زیاتر نزیکبوونەوە لە رای سەرکردایەتیی کورد لە بەغداو لیستی هاوپەیمانی لە پەرلەمانداو زانیاری وەرگرتن لە بەرنامەی سیاسیی کوردو ئاسۆی چارەنووسی کەرکوك و گۆڕانە سیاسییەکانی پەیوەست بە کوردەوە، لڤین ئەم دیدارەی لەگەڵ بەڕێز (د. فوئاد مەعسوم)ی سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی لە پەرلەمانی عێراقیدا سازکرد.**

**لڤین: ئەگەر پلانی نوێی ئاسایش سەرکەوتوو نەبوو، پێتوایە حکومەتی مالیکی هەڵبوەشێتەوە، یان نا؟**

**د. فوئاد:** هەڵوەشاندنەوەو مانەوەی حکومەتەکە وانییە بەوشێوەیە هەڵیبسەنگێنین، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ هاوکاریی نێوان فراکسیۆنەکان، ئەگەر پلانەکەش سەرینەگرت، دەبێت بزانین بۆ سەرینەگرتووە، ئایا کەموکوڕییەکە لەلایەن مالیکییەوە بووە یاخود هۆکاری تر هەیە. دەبێت هەموو شتێك بە هاوکاریی هەموو لیستەکان بێت.

**لڤین: زۆر کەس باس لە (حکومەتی رزگاریی نیشتیمانیی)و هێنانەوەی کەسایەتییەکی وەکو ئەیاد عەلاوی دەکەن؟**

د. فوئاد: ئاخر حکومەتی (رزگاریی نیشتیمانی) شتێکی عەمەلی نییە لە ئێستادا، ئەی ئەو فراکسیۆنە پەرلەمانییە گەورانە، ئەگەر ئەوان رازی نەبن؟ وانییە پەرلەمان لە گروپی بچوك بچوك پێکهاتبێت یان کەسایەتییەکی هەرەبەرز هەبێت و بڵێت دەبێت وابکرێت! ئەمانە لە وڵاتی ئێمەدا نییە.

**لڤین: سەبارەت بە جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستوور، ئێوە پێتان وانییە کە ئەو خشتە**

**کاتییەی دانراوە ماوەکەی زۆر کەمەو دواجاریش لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کە راپرسی لە کۆتایی ئەمساڵدا ئەنجامنەدرێت؟**

**د. فوئاد:** ئێستاش کات بەش دەکات، ئەگەر بە جددی ئیشی بۆ بکرێت لە هەموو لایەکانەوە، لەلایەن خۆمانەوە وەك لایەنی کوردیو لایەنی حکومەتی بەغداش. لە هەموو ئاستەکان، لە پەرلەمانو حکومەت، هەروەها حکومەتی هەرێمیش بەرپرسیارە، ئەگەر بزانین لایەنێك هەیە دەیەوێت گیروگرفت دروستبکات، دەبێت لە ئێستاوە دەستنیشانیبکەین، هەروەها بۆچیو چۆن بتوانین ئەو نەخشەیەی بۆ جێبەجێنەکردنی ئەو ماددەیە هەیە هەرەسی پێبهێنین، بۆیە مەسەلەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 ئەرکو بەرپرسیاریەتی هەموو لایەکمانە، نابێت تەنها چاوەڕێی حکومەتی عێراقی بین دەیکات یان نا، ئەی خۆمان چی دەکەین، دەبێت ئیشی بۆ بکەین لە حکومەت لەناو پەرلەمان فشار دروستبکەین لەسەر ئاستی جەماوەری بەهەمانشێوە فشاربکەین. حکومەتی هەرێم چاوەڕێی ئەوە نەبێت ئەگەر حکومەتی بەغدا پارەی داو قەرەبووی خەڵکی کردەوە ئەوە دەستپێبکەین، با حکومەتی هەرێم خۆی دەستپێبکات، ئەوانەی ئامادەن بڕۆنەوەو داوای قەرەبوو دەکەن، با حکومەتی هەرێم قەرەبوویان بکاتەوەو ئەویش بکەوێتە ناو کارەکەوە.

**لڤین: وەک بزانن حکومەتی هەرێم لە بودجەی خۆی هیچ بڕێکی تەرخانکردووە بۆ ئەم مەبەستە؟**

**د. فوئاد:** بەڕاستی ئاگادار نیم.

**لڤین: وەک دەزانن دەبێت ژمارەیەک خێزانی زۆری عەرەب بگەڕێنەوەو شاری کەرکوک چۆڵبکەن، پێتانوایە ئەم پرۆسەیە ئاوا ئاسان بێت، ئەگەر ئەو خێزانانە ئامادەنەبن بڕۆنەوە، کێ هەیە فشاریان بخاتەسەر؟**

**د. فوئاد:** ئێمە لەگەڵ زۆرلێکردنو هەڕەشەو ترسو تۆقاندن نین، بەڵام من وادەزانم بەشێکی زۆر لەو خێزانانە ئەگەر قەرەبووبکرێنەوە، ئامادەن بڕۆنەوە بۆ ئەو پارێزگایانەی لێوەی هاتوون.

**لڤین: هەست ناکەن ڕێگری گەورە هەبێت لەبەردەم جێبەجێکردنی ماددەی 140دا؟**

**د. فوئاد:** بێگومان ڕێگری زۆرە، هەر لەناو پەرلەمان کەسانێك هەن حەزناکەن ئەو مەسەلەیە چارەسەربکرێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەندێك وڵاتانی دەوروبەر حەزناکەن ئەو کێشەیە چارەسەربکرێتو کەرکوك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام هەرێمی کوردستانو حکومەتی هەرێمو خەڵکی کوردستانیش وەك میللەت دەبێت بە هەموو شێوەیەك هەوڵی خۆیان بدەن.

**لڤین: ئەو لایەنە عێراقییانە دیاریکراون کە دژی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیەنو دەیانەوێت ڕێگری دروستبکەن؟**

**د. فوئاد:** تا ئێستا بەڕوونو ئاشکرا ئەو هێزانەی ناو پەرلەمان، بەتایبەت هێزە سەرەکییەکان دەریان نەبڕیوە، بەڵام لەوانەیە ناڕاستەوخۆ هەوڵبدەن. ئەوەی کە هەیە تەنها ئەگەرە، ئێمەش ناتوانین بەرامبەر هەر ئەگەرێك ئێستا هەڵوێست بگرین، بەڵام دەبێت بۆ هەر ئەگەرێك ئامادەسازی بکرێتو لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێتو حسابی بۆ بکرێت.

**لڤین: سەرکردایەتیی سیاسیی کوردی لە هەموو ئەگەرەکانی کۆڵیوەتەوە؟**

**د. فوئاد:** بێگومان.

**لڤین: هەڕەشەکانی تورکیا سەبارەت بە کەرکوک ئایا هەڕەشەی راستەقینەن یان پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنن، بەتایبەت پاش ئەوەی تورکیا شکستیهێنا لەوەی ببێتە ئەندام لە یەکێتیی ئەوروپا؟**

**د. فوئاد:** ڕەنگە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بێت، بەڵام دیارە ئەو پڕوپاگەندانە بۆ ناو تورکیا دەیخواتو بەکەڵك دێت، مەترسییەکە لەوەدایە.

**لڤین: بەڵام مەترسی دەبێت بۆ سەر عێراق؟**

**د. فوئاد:** بێگومان ئەگەر دەستیان خستە نێو کاروباری عێراقو بوونە داواکار لەسەر کەرکوك لەوانەیە یەکێکی تر ببێتە داواکار لەسەر کەسو لایەنی تر، یەکێك بڵێت من بەرگری لە سوننە دەکەمو یەکێك بڵێت من بەرگری لە شیعە دەکەمو یەکێکیش بڵێت من بەرگری لە تورکمان دەکەم، کەواتە هەر کورد بێکەس دەمێنێتەوە.

**لڤین: ئەی ئەمریکا بەرگری لە کورد ناکات؟**

**د. فوئاد:** ئەمریکا تەماشای کورد وەکو کورد ناکات کە ببێت بە شتێك، بەڵکو تەماشای کورد دەکات لە چوارچێوەی عێراقدا. من پێموایە ئەمریکا لە چوارچێوەی عێراقدا حەزناکات کورد زەرەربکاتو لێبدرێت، بەڵام ئەگەر بڵێیت ئەمریکا حسابی تایبەت دەکات بۆ کورد بەبێ عێراق، نەخێر ئەوە وانییە، بەڵکو لە چوارچێوەی عێراقدا سەیریدەکات. سیاسەتی ئەمریکاش جیاوازە لەگەڵ ئەو سیاسەتەی کە ئێستا لە تورکیا رادەگەیەنرێت، بۆیە پێمانوایە دەبێت پەیوەندییمان لەگەڵ تورکیا باش بێت، بەهەمانشێوە لەگەڵ ئێرانو وڵاتانی عەرەبی هەوڵ بۆ ئەوە بدەین. نامانەوێت هەندێك شت کە بۆ پڕوپاگەندەیە بیکەینە شتێکی بنەڕەتیو شەڕێکی گەورە، وەکو پەندە کوردییەکە دەڵێت: ( تەڵاشی کردە ئاش)

**لڤین: ئەی سەبارەت بە پەکەکە، ئەگەر تورکیا بیەوێت بەرامبەر بەو کێشەیە دانوستانێک بکات؟**

**د. فوئاد:** مەسەلەی پەکەکە تەنها کێشە نییە، موجاهیدینی خەلقیش هەیە لەپاڵ پەکەکە. ئێمە حەز دەکەین ئەو مەسەلانە بە ڕێگەیەکی ئاشتییانە چارەسەربکرێن، هەروەك ڕێگا نادرێت موجاهیدین هیچ پرۆسەیەکی سەربازیی بکات لە دژی ئێران لە خاکی عێراقەوە، بەهەمانشێوە پەکەکەش ڕێنادرێت.

**لڤین: بەڵام لەم ماوەیەدا جەنەڕاڵێکی پایەبەرزی ئەمریکی سەردانی کوردستانی کرد بۆ تاووتوێکردنی مەسەلەی پەکەکە؟**

**د. فوئاد:** ئەوە راستە ئەمریکا دەیەوێت چارەسەری ئەو کێشەیە بکاتو هەماهەنگی هەیە لەنێوان تورکیاو ئەمریکاو لەگەڵ حکومەتی عێراقیش، ئێمە پێمان خۆشە ئەو هەمەئاهەنگییە هەبێت، بەڵام ئەمەش مانای وانییە یەکسەر پرۆسەی سەربازی دەستپێبکات، چونکە ئەمە لەوانەیە مەترسی زۆری تێدابێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەو هێزەی پەکەکە کە ئێستا لەسەر سنوورە ئێمە ڕێمان لەوە گرتووە کە کوردستانی عێراق بەکاربهێنێت بۆ پرۆسەی سەربازی دژی تورکیا.

**لڤین: ئەگەر پیشنیاری ئەوە کرا کە کەرکوک هەرێمێکی سەربەخۆ بێت، تا چەند کورد بەم پێشنیارە رازیدەبێت، بەتایبەت ئەگەر ڕێگرییەکان لەبەردەم گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان زیادیکردو ئەنجامدانی راپرسی نەتوانرا لە کاتی خۆیدا ئەنجامبدرێت؟**

**د. فوئاد:** ئەوە بە ڕێکەوتنی سیاسیی نابێت، ئێمە دەمانەوێت دەستوور جێبەجێبکرێت بە ئاساییکردنەوەی بارودۆخو ئەنجامدانی سەرژمێریو پاشان ئەنجامدانی راپرسی. لە ریفرِاندۆمەکەدا خەڵکی کەرکوك بە زۆرینەی دەنگ چی بڕیاردا، ئێمە دژی ناوەستین، ئێمە نامانەوێت بە ڕێکەوتنی سیاسیی بێت. مەسەلەی کەرکوك بە ڕێکەوتنی سیاسیی نابێت، بۆیە ئەو ڕێگە دەستوورییە دانرا. ئێمە ناچینە هیچ ڕێککەوتنێکی سیاسیی، چونکە ئەوکات ناگەینە هیچ دەرەنجامێك، دەستووریش بۆیە دەستنیشانی ئەو هەنگاوانەی کردووە تاوەکو هەموو لایەك پێوەی پابەندبین. لە دەرەوەی ئەو

# ئێمە نابێت بە چاوی ئێران تەماشای ئەمریکا بکەین، هەروەك نابێت بە چاوی ئەمریکا سەیری ئێران بکەین

ماددەیەو بە ڕێگەی ڕێکەوتنی سیاسیی ناگەینە دەرەنجامێك لەوانەیە ئەوکات کێشەی گەورە دروستبێتو کەرکوك وەك یەك بۆمبای گەورە بتەقێتەوەو هەموو بارودۆخی عێراق تێکبدات.

**لڤین: هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش نزیکبۆتەوە، ئایا ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی لەمشێوەیە لە کەرکوک لە کاتێکدا کە بارودۆخ ئاسایی نەکراوەتەوەو عەرەبە هاوردەکانیش نەچوونەتەوە شوێنی خۆیان، تا چەند لە بەرژەوەندیی کورد دەبێتو ئێوە رازین بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن یان داوای دواخستنی دەکەن؟**

**د. فوئاد:** کەرکوك لەبەرئەوەی ماددەیەکی سەربەخۆیەو حاڵەتێکی جیاوازە لەوێ ناکرێت، کاتێك باس هاتەسەر ئەو مەسەلەیە ئێمە ئەوە دەخەینەڕوو کە کەرکوك داخڵنەکرێت، لەبەرئەوەی بارێکی تایبەتە.

**لڤین: لە ئەنجومەنی نوێنەران هاوپەیمانی کوردستانی لە زۆرێک لەو بابەتانەی کە تاووتوێدەکرێت لەگەڵ لیستی ئیئتیلاف یەکدەنگن، ئایا دەتوانین بڵێین ئەم دوو لیستە هاوپەیمانن؟**

د. فوئاد: ئێمە لەگەڵ ئیئتیلاف هەڵوێستمان یەکە لەسەر چەند شتێك لەوانە فیدراڵیو ئەو پارسەنگییەی کە هەیە لەنێوان دەسەڵاتی ناوەندو هەرێمەکانو لەسەر سامانی نیشتیمانیی کۆکین، بەڵام لەسەر هەموو شتەکانی تر مەرج نییە کۆك بین، هەروەك ئێمە لەگەڵ لیستی تەوافوقیش لەسەر زۆر شت کۆکین، هەربۆیە کاتێك ئێمە چووینەتە نێو هاوپەیمانیەتییەك ئایا مەرجە لە هەموو شتێك یەك دەنگ بین؟ دیارە نەخێر. راستە ئێمە هاوپەیمانینو هاوپەیمانی ئێمەش لەگەڵ هەندێك لایەنەکانی ئیئتیلاف شتێکی تازە نییە، بەڵکو ساڵەهای ساڵە، ئەمە ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر کاری سیاسیی ئێستاشمان، بەڵام وانییە ئێمە لەسەر هەموو بابەتەکان یەکدەنگ بین. لێرەدا یەك شتی دی هەیە ئەویش ئەوەیە کە لە سەرەتای هەڵبژاردنی پەرلەمانو دوای دەستوور ئێمە بڕیارمان وایە هەموو شتێك بە تەوافوق بێت، چونکە قۆناغەکە وایە، نەك زۆرینەو کەمینەی دەنگ لە پەرلەمانوو ئەنجومەنی وەزیران.

**لڤین: بەڵام پێتوانییە کە بنەمای تەوافوق بۆتە هۆی ئەوەی پرۆسەی سیاسیی بەخاوی بڕواتە پێشەوە؟**

**د. فوئاد:** راستە تۆزێك بەخاوی دەڕوات، بەڵام ئەگەر کرا بە زۆرینەی دەنگو کەمینەی دەنگ ئەوا پرۆسەی سیاسیی دەوەستێت، بەخاوی بڕوات باشترە لەوەی بوەستێت.

**لڤین:ئیبراهیم جەعفەری کە لە حزبی دەعوەیەو لەو حزبە کۆنانەیە کە لە دژی ڕژێمی بەعس خەباتی کردووە، کەچی سەرکردایەتیی کورد رازی نەبوو لە هەڵسوکەوتەکانی؟**

**د. فوئاد:** حیزبی دەعوە ماوەیەکی زۆر لە کوردستان بوو، بارەگایان هەبوو، چالاکیان هەبوو، هەموو ئەوانە بە هاوکاری دوو هێزە کوردییەکە بوو بێگومان، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئێمە پشتگیریمان بۆ حزبی دەعوە ئەوە بوو کە ئەوانە هێزێکن خەباتدەکەن لە دژی ڕژێمی پێشوو، بەڵام پەیوەندییەکە وانەبووە کە داڕێژاو بووبێت لەسەر بنەمایەکی ستراتیژی. لەگەڵ ئەوەش لە سەرەتاوە دژی جەعفەری نەوەستاینو دەنگمان بۆدا، بەڵام لە سیاسەتەکانی ئەو رازی نەبووین.

**لڤین: پێتوایە ئەو سیاسەتانە بیروبۆچوونێکی تایبەتییە یان باکگراوندێکی هەیە لە حزبەکەیدا؟**

د. فوئاد: لەوانەیە ئەو نەچووبێتە قووڵایی ئەو پەیوەندیانەی کە هەبووە لەگەڵ کورد، چونکە ئەو هەر لە دەرەوە بووە، بەڵام ئەوانی تر لەوانە ئەبویوسرا (مالیکی)و ئەوانی تر دیارە لە بارودۆخەکەدا بوونو لە کوردستان بوون، بۆیە ئێمە دەبێت ئەو جیاوازییانە بکەین.

**لڤین: پەیوەندیی کوردو لایەنە سوننییەکان لە چ ئاستێکدایە، هۆکاری نزیکنەبوونەوەیان چییە؟ ئایا لەبەر دژایەتیکردنی ئەوانە بۆ داخوازییە کوردییەکان؟**

**د. فوئاد:** ئێمە لەگەڵ حزبی ئیسلامیی پەیوەندیی باشمان هەیەو پشتگیری یەکتر دەکەین، بەڵام لە ناو عەرەبی سوننە بەگشتی خواستو ئارەزوویەکی نەتەوایەتیی هەیە کە ئێمە زۆر لێیدەترسین، چونکە وەکو پەندە کوردییەکە دەڵێت: (مارانگاز بووین)، سیاسەتی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانمان بینیوە، بەتایبەتی سیاسەتی سەدام کە هەوڵیدا کورد بتوێنێتەوە. ئەو هەستە نەتەوایەتییەی کە هەیە لێیدەترسینو نایشارینەوە، بەڵام ئێمە لە ڕێی ئەو پەیوەندییەی هەمانە لەگەڵ حزبی ئیسلامیی ئومێدەوارین ئەوان بتوانن لەو ڕووەوە ڕۆڵی خۆیان ببینن بۆ لێکنزیبوونەوە لەنێوانماندا، بەڵام دەستەی زانایانی موسڵمان جارێك من خۆم سەردانی شێخ حارس ئەلزاریم کردو مەبەستیشمان ئەوە بوو کە لێکدابڕان نەبێتو پەیوەندیی هەبێتو بڕیاریش وابوو ئەوان پەیوەندییمان پێوەبکەنەوە بۆ ئەوەی بەردەوامبین لەو دانیشتنانە، بەڵام پەیوەندییان نەکرد. لە کۆنگرەی قاهیرەش کاتێك یەکترمان دی شتێکی ئیجابی بوو، تا رادەیەك لەوێ نەرمیشیان نیشاندا، بەڵام دوای ئەوە هیچ کۆبوونەوەی ترمان نەبووە.

**لڤین: داوای موختار لەمانی نوێنەری کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی بۆ دەستلەکارکێشانەوە لە عێراق، پاش ئەوەی کە رایگەیاند وڵاتانی عەرەبی تێڕوانینێکیان نییە بۆ کارکردن لە عێراق، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**د. فوئاد:** وڵاتانی عەرەبی ڕەنگە هەر حەزنەکەن عێراقێکی ئارامو دیموکرات دروست ببێت، چونکە دەزانن دیموکراتیەت بەهێزو دەستتێوەردان ناگاتە وڵاتەکانیان، بەڵام دەترسن عێراقێکی دیموکراتی ئارامی خاوەن ئابوورییەکی بەهێز دروست ببێت کە کاریگەریی هەبێت بۆ ئەوانیش، وەکو یەکێك وتی: ئەوە دەبێتە ڤایرۆسێك. لێیدەترسن، بەتایبەت سیستەمە سیاسیەکانیان، هەروەها هەندێك لەوانە لەسەر ئاوازی کۆن دەڕۆن کە باسی ئیمپریالەتیان دەکرد. ئێستاش لەسەر هەمان ئاواز دەڕۆن، ئێستا

ئەمریکا خەڵکەکەی نێو خۆی داوادەکەن هێزەکانی بکشێنێتەوە، بەڵام عێراقییەکان بە سوننەو شیعەوە پێیاندەڵێن مەڕۆن، ئەگەر بڕۆن ئێمە تووشی شەڕی ناوخۆ دەبین، بەتایبەت ئەوانەی بە جددی سەیری باروودۆخەکە دەکەن. حوسنی موبارەك سەرۆك کۆماری میسر دەڵێت: ئەگەر ئەمریکا لە عێراق بکشێتەوە ئەوا کارەسات روودەدات، بەڵام هەندێکی لایەنی وڵاتانی عەرەبی هەر لەسەر ئاوازە کۆنەکە دەڕۆن کە بریتییە لە مەنتیقی سەربازگەی رۆژهەڵاتو رۆژئاواو ئیمپریالیزم بە سەرۆکایەتیی ئەمریکاو سۆشیالیست بە سەرۆکایەتیی یەکێتی سۆڤیەتو ئێستاش لەژێر ئەو کاریگەرییەدان. دیارە باڵوێز موختار لەمانی نوێنەری وڵاتانی عەرەبی بۆچوونی باشی هەیە، تەنانەت پێشنیاریکرد کە کۆبوونەوەیەکی لوتکەی عەرەبی ببەسترێت تەنها لەبارەی عێراقو لیژنەیەك دابنرێت لە سەرۆكو پادشاکانی عەرەب بەبەشداریی سەرۆك کۆماری عێراقیشەوە کە یارمەتی عێراق بدەن لە رووی ئابووریی‌و هەڵسانەوەو ئاوەدانکردنەوە، بەڵام تا ئێستا گوێ بە قسەکانی نەدراوە.

**لڤین: بەڕای ئێوە تا چەندێک ئەو بۆچوونەی ئەمریکییەکان راستەو چۆن دەکرێت لە کاتێکدا ئێران رۆڵی سەلبی هەبێت، بەڵام بەرپرسانی حکومەتی عێراقی سوربن لەسەر هێشتنەوەی پەیوەندییەکان؟**

**د. فوئاد:** ئێرانو عێراق، ئێرانو ئەمریکا پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر لە ساڵی 1979ەوە خراپە، هەموومان دەزانین باڵوێزخانەی ئەمریکایان داگیرکردو دیبلۆماسەکانیان وەکو دیل مامەڵەیان لەگەڵدا کرا، دیارە ئەو سیاسەتە بەرامبەر یەکتر ماوە. ئەمریکا دەیەوێت گۆڕانکاریی لە ئێراندا رووبدات، ئێران بە هەمانشێوە تەماشای ئەمریکا دەکات، بۆیە ئێمە نابێت بەچاوی ئێران تەماشای ئەمریکا بکەین، چونکە باروودۆخمان جیاوازە، ئەو بەچاوی توندوتیژ تەماشای ئەمریکا دەکات، ئێمە بە چاوی دۆستانە تەماشای دەکەین، هەروەك ناشێت بە چاوی ئەمریکاش تەماشای ئێران بکەین، چونکە ئەو رژێمی ئێران وا تەماشادەکات کە دەبێت بگۆڕێت.

**لڤین: هەندێک کەس کورد بەوە تاوانبار دەکات کە نایەوێت تێڕوانینێکی تەواو ئاشکرا لەسەر ئەم بابەتە بدات، لەبەرئەوەی کوردو ئێران پەیوەندیی مێژینەیان هەیە؟**

**د. فوئاد:** ئێمە سیاسیین، مێژوونووس نین، مێژوونووس دوایی دەبێت تەماشای ئەمە بکات. سیاسی دەبێت تەماشای ئەو بەرژەوەندییانە بکات کە لە قازانجی میللەتەکەیدایە. ئێمە وەکو هێزی سیاسیی کە رۆڵی هەیە لە بەڕێوەبردنی کوردستانو هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی مافەکانی کوردستان، ئەویش بە بەرقەراربوونی ئاسوودەیی‌و دیموکراتیەت لە عێراق، چونکە قازانجی ئێمەی تێدایە. ئێمە ئێستا خۆمان بخەینە گێژاوو ململانێی کێ هەقەو کێ ناهەقە، ئەوە ئیشی ئێمەی سیاسیی نییە لە ئێستادا، چونکە لە سیاسەتدا هونەری مومکینات هەیە. ئایا قازانجی ئێمە چییە لەوەی دژایەتیکردنی ئێران یان وڵاتانی عەرەبی بکەینو هوڵوێست رابگەیەنین. رۆڵی ئێمە دەبێت بۆ نزیککردنەوەی ئەو لایەنە ناکۆکانە بێت، هەروەها پاراستنی مافەکانی خەڵکی کوردستانو بەشداریش لە پاراستنی ئاسایشو پێشکەوتنی عێراق، هەندێك شت لە توانای ئێمەدا نییەو بە ئەنجامدانی زیانی لێدەکەین.

**لڤین: پەیوەندییەکانی کوردو ئەمریکا لە چ قۆناغێکدایە، پێتانوایە کۆشکی سپی راسپاردەکانی لیژنەی بێکەر- هاملتۆن-ی پشتگوێخستووە، یان ئەمریکا رێدەگرێت لە ئەنجامدانی راپرسی لە کەرکوک وەکو لیژنەی ناوبراو داوادەکات؟**

**د. فوئاد:** ناتوانم بڵێم ئیدارەی ئەمریکی لەبەر خاتری کورد راپۆرتی بێکەر- هاملتۆن-ی پشتگوێخست، بەڵکو لەبەر زۆر شت پشتگوێخرا، لیژنەکە پێشنیاریکرد کە دانوستان لەگەڵ ئێرانو سوریا بکات، بەڵام ئیدارەی ئەمریکا لەگەڵ ئەمە نەبوو. لیژنەکە پێشنیاریکرد کە هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق پاشەکشەبکەن، بەڵام ئیدارەی ئەمریکی ژمارەی هێزەکانی زیاترکردو زۆر شتی تریش، ئەو راپۆرتی بێکەر- هاملتۆنە داڕێژرابوو بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا نەك بۆ ناو عێراق، بەڵکو داڕشتنەوەی سیاسەتی ئەمریکا بوو بەگشتی، بەڵام ئیدارەی ئەمریکا بە گشتی قبوڵی نەکرد. لەلایەکی ترەوە ئیدارەی ئەمریکا بەگشتی لەگەڵ ئەوەیە سەرجەم بەندەکانی دەستوور جێبەجێبکرێت بە ماددەی (140)یشەوە، ئەمریکا نەیوتووە با چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك دوابخرێت، چونکەی دەزانێت ئەگەر دوابخرێت کێشەی گەورەتر دروستدەبێت. ئێستا هەموو لایەك پابەندی دەستوورین، بەڵام ئەگەر جێبەجێنەکرا ئەوکات هیچ کەسێك ئەو پابەندبوونەی نامێنێت، ئێمەش ئەو پابەندییەمان نامێنێت.

**لڤین: ئەگەر ماددەی 140 جێبەجێنەکرا، فشاری کورد چییە، یاخود کورد چ رێگەیەک دەگرێتەبەر؟ دیبلۆماسی یان شەڕ؟**

**د. فوئاد:** کورد کارتی زۆرە، بەڵام ناتوانم ئێستا ئەگەرێك دابنێم، جاری نەهاتووە ئەگەرچی دەبێت حسابی بۆ بکەین. ئێمە نابێت بیر لە شەڕ بکەینەوە، بەڵام دەبێت بیر لە بەرگریی بکەینەوە، چونکە دەترسین هێرشمان بکرێتەسەر.

**لڤین: بەم دواییە دەنگۆی ئەوە هەیە کە ئەمریکا دەیەوێت بنکەی سەربازیی دابنێت لە کوردستان دانانی ئەم بنکەیە لە بەرژەوەندی کوردە یان نا؟**

**د. فوئاد:** زانیاری تەواومان لەسەر نییەو هەر قسەیە، بەڵام ئەمە دەبێت پەرلەمانی عێراقی رەزامەندی لەسەر نیشانبدات.

**لڤین: بەڵام پێشتر بنکەی دیکەی داناوە بەبێ پرسی حکومەتی عێراق؟**

**د. فوئاد:** ئەو کات عێراق بەپێی بریاری نەتەوە یەکگرتووەکان داگیرکراو بوو، ئێستا خۆمان وەك لایەنە عێراقییەکان بە هێزەکانی ئەمریکا دەڵێین مەڕۆن. بۆ دانانی بنکەی سەربازی نوێ بڕیاردان لەبارەیەوە جیاوازە، چونکە ئێستا عێراق خاوەنی سەروەرییە.. ئەگەر پەرلەمانی عێراقی رەزامەندی نیشاندا ئەوا ئاساییە وەکو زۆرێك لە وڵاتانی عەرەبیی‌و کەنداو بنکەی سەربازیی ئەمریکی هەبێت. سەبارەت کوردیش ئەگەر دیموکراسیەت لە عێراقدا بەرقەراربێتو مەترسی لەسەر گەلی کورد نەبێت پێویستیمان بە بنکەی سەربازیی ئەمریکی نییە، بەڵام ئەگەر سیاسەتەکانی پێشووی حکومەتی عێراقی بگەڕێتەوە ئەوە شتێکی دیکەیە.

**لڤین: ئەگەر ئەو بنکەیە دانرا کوردستان نابێتە گۆڕەپانی شەڕی نێوان ئەمریکاو ئێران؟**

**د. فوئاد:** سەرەتا دووپانی دەکەمەوە دەبێت پەرلەمانو حکومەتی عێراق رەزامەندی نیشانبدات، بەڵام ئێمە بەگشتی کۆکین لەسەر ئەوەی عێراق نەبێتە بارەگاو بنکەیەك بۆ لێدانی ئێرانو سوریا. ئێمە پێمان ناخۆشە پەکەکە سبەینێ لە خاکی عێراقەوە پرۆسەی سەربازیی بکات لە دژی تورکیا یان کۆمەڵێك کەسانی ئۆپۆسزیۆنی سوریا و وڵاتانی کەنداو لێرە ئیش بکەن یا رێگە بدرێت بە موجاهیدنی خەلق لە عێراقەوە هێرش بکەنە سەر ئێران.